# بۆ پێکەنین

13

دەڵێن  پێکەنین بۆ زاخاوی مێشک باشە،کەواتە با جارو بارەش بە چەند نکتەیەکی مەلا ناودارەکە دڵی خۆمان شاد بکەین و کەمێ پێ بکەنین ، دەڵێن ئەوانەی کە زۆرتر پێ دەکەنن تەمەن درێژ ترن لەوانەی کە کەم دەخەنن.

## کەم  مەسرەفی مەلا

ڕۆ ژێکیان دۆستان و یارانی مەلا  مەشور مەلایان بینی کە دەستێک و چاوێک وگوێیەکی خۆی پێچاوەتەوە،بەو خەیالەوە کە مەلا نەخۆش دەکەوێت،شەو ئەوان  چونە مالەکەی  و زۆر دلسۆزانە لە مەلایان پرسی و گوتیان: هیواداریـن کەجەنابی مەلا هەر باش بێت! ئەوە بۆچ وا چاوت و دەستت و گوێچکەت بەستۆتەوە؟

مەلاش بە پێکەنینەوە گوتی: من  زۆر باشم و سەلامەتم!تەنیا  بۆ ئەوەی کە کەم خەرجی ئەنجام بدەم و نیوەی ئەندامانی  جەستەی خۆم بەستاوە تا کار نەکەن.

*

## کارکردنی زگی مەلا

ڕۆ ژێکیان مەلا نەچوە سەر کارەکەی خۆی و  ژنەکەی چوو لێی پرسی گوتی:ئەرێ مەلا ئەوە بۆچی وا لەمالەوەی و نە چویتە سەر کار؟مەلاش لە وەرام دا گوتی:هەتا کەنگی من کار بکەم و زگم بیخوات،با ئیمرۆ زگم کار بکات و ئەمن بیخۆم؟

*

## به پییان رۆیشتنی مەلا

مەلا ڕۆژێکیان لە گەل کەرەکەی بە پێیان دەڕۆیشت و توشی کابرایەک هات و لە مەلای پرسی و گوتی:ها مەلا ئەوە بۆچ بە پێیان دەڕۆی و سواری کەرەکەت نەبووی؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی:کابرایەکی سەیری مەگەر من لەم کەرە کەمترم  کە ئەو بە پێیان بڕوات و منیش سوار بم ؟.

*

## مەلاو شیر کرین

ڕۆ ژێکیان مەلا مەشور دۆلکەیەکی دەست دایێ و چووە درەوە بۆ لای شیرفرۆش و داوای کیلۆیەک شیری لە کابرای شیرفرۆش کری.

کابرای شیر فرۆش سەیرێکی دۆلکەکەی دەستی مەلای کردو گوتی:کیلۆیەک شیری مانگا لەم کاسەیە جێگەی نابێتەوە.

مەلاش کەمێ بیری کردەوەو گوتی:ئێ باشە قەیدی ناکاتن تەنیا شیرم بۆ تێکە!.

*

## ون بوونی مەلا

ڕۆژێکیان مەلا مەشور کەرەکەی خۆی ون کردبوو،بە کوچەو کۆلانانی شاردا دەگەڕاو هاواری دەکردو دەیگوت:خودایە زۆر سوپاس.کابرایەکیش لە مەلای

**پرسی و گوتی:مەلا تۆ کەسوپاسی خوا دەکەی دیارە ڕازیت و پێت خۆشە کە کەرەکەت ون بووە؟**

**مەلاش لە وەرام دا گوتی:ۆ منسوپاسم بۆ ون کردنی کەرەکەم نیە،بەلکو سوپاسی خوا دەکەم بۆ ئەوەی کە من خۆم لە کاتی ون بوون دا سواری کەرەکەم نەبوویمە، ئەگگینا منیش ئەگەڕ سواری کەرەکەم بامایە لە کاتی ون بوون دا ئەوا منیش ون دەبووم دەبوایە ئێستاکە کەسێکی تر لە من و لە کەرەکەم بگەڕابایە!**

**درێژەی هەیە** 20.10.2004